**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ١٤١٣٥ لە ٢٠٢٥/٥/٨**

**بەیانی ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٢٥**
**هێنانەکایەی گوندی (خالوان)**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و رێنمایمان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ی هەمواركراو تایبەت بە فراوانكردنی گوندكان و گواستنەوەی شوێنیان ، وە ئاماژە بە هەردوو نووسراوی پارێزگای دهۆک ژمارە (٥٥١) لە ٢٠٢٥/١/٢٦ و (٢١٩١) لە ٢٠٢٥/٤/١٣ و دوا بەدوای نووسراومان ژمارە (٦٤٢٩) لە ٢٠٢٥/٢/٢٣ و و لەبەر بەرژەوەندی گشتی ،بڕیارماندا بە:

**یەكەم:** هێنانەكایەی گوندی (**خالوان**) و چەسپاندنی لە سەر نەخشەی گادستڕۆ بەپێی ماددەی (یەكەم/٦) لە ڕێنمایی سەرەوە لە ناحیەی كەلەک/ قەزای بەردەڕەش لە سنووری پارێزگای دهۆک بە ڕووبەری (٢١٤،٩،٣٣) دوو سەد و چواردە دۆنم و نۆ ئۆلک و سی و سێ مەتر دووجا لەسەر پارچە زەوەییەكانی ژمارە (٦ و ٢/٣) لە كەرتی (١٢٢/ ئەسكی كەلەک) وەک لە نەخشەی هاوپێچی نووسراوی پارێزگای دهۆک لە سەرەوە هاتووە بەپێی یاسا كاری كوژانەوە و دەست هەڵگرتن بكرێت.

**دووەم:** ئەم بەیانە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی كوردستان) كاری پێ دەكرێت.

**رێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**